# تەڤینەوەی داهاتوو لە هەولێر دەبێ یان لە کەرکوک؟ ... وهاب شاه محمد

چاوخشانێک بەسەر کارە تیرووروستێکانی کوردستان پاش رووخانی رژێمی بەعس چەند راستێک دەخاتە روو کە پێویستە زۆر بەووردی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەێکی زانستی بۆ بکرێت. زۆر لە کارە تیرووروستێکان کە عیراق بەگشتی وە کوردستان بەتایبەتی گرتۆتەوە وا باس دەکرێت کە گرووپی الزرقاوی، کە بەشێکی ناو القاعدە بەرێوەی دەبات، ئەگەرچی خۆشیان زۆرجار بەبەرپرسیاری ئەم کارانە دەزانن، بەڵام دەبێ پێش ئەوەی ئێمەش هەمان بیرمان هەبێت چەند راستێک دەربارەی ئەو تەڤینەوانە باس بکرێت دەربارەی کات و شوێنی ئەنجامدانی ئەو کارانە.
گرووپێ الزرقاوی ناتوانێت هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدات لە وڵاتێکی گەورەی وەک عیراق و وابەئاسانی بتوانێ لەناوچەێکی فراوان و بەربڵاو ئەو هەموو کارانە بەرێوەببات. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە پێویستە خەڵکێکی زۆر و سەرمایەێکی زۆر لەژێر دەستدابێت، ئەگینا وابەئاسانی ناکرێت ئەنجام بدرێت. رژێمی بەعس هەموو ئەگەرەکانی خستبووە پێش چاو، بەتایبەتی 15 ساڵی رابردوو، کە ئەگەر بێت و هێرشێکی دەرەکی خرایەسەر چۆن بتوانێ شەری ئەو هێزە تازانەی ناو وڵات بکات، بۆ ئەوەش پارەوپوول و خەڵکانێکی زۆر تەرخان کران کە بەرژەوەندێکانی خۆیان و نەوەکانیان بە مانەوەی ئەو رژێمە بەندبوو. خەڵکانێک کە لەرابردوو تەنانەت خواردنی شەویان بۆ پایدا ناکرا، بەڵام لە کاتی دەسەڵاتی بەعس نەک تەنها بوون بەخاوەن دەسەڵات، بەڵکو لەرێگای ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانەی هەیان بوو، خۆیان بەخاوەنی خەڵک و وڵات دەزانی.
ئەم خەڵکانە بەرووخانی رژێمی بەعس هەموو ئەو دەسەڵاتەیان لەدەست چوو، نەک هەرئەوەش بەڵکو کونە مشکیان لێ ببو بە قەیسەری، ئەویش بەگۆی ئەو تاوانانەی کە لەکاتی رژێمی بەعس ئەنجامیان دابوو. ئەم لایەنەی سەر بە بەعس گەورەتریین لایەنن کە دەکرێ لە خانەی ئەو کارە تیرووروستیانەی ئەمرۆی ناو عیراق ئەنجام دەدەرێ ناوببرێن. ئەم لایەنە شارەزایێکی تەواویان بۆ شەرو دژایەتی کردنی لایەنە سیاسێکانی دوارۆژی ناو عیراق پەیداکردبوو، خۆشیان بۆ رۆژێکی وەک ئەمرۆش ئامادەکردبوو.
زۆربەی زۆری ئەو کارە تیرورستیانەی عیراق و کوردستانی گرتۆتەوە بە چەند جۆرێکی وەیان لەرێگای خۆ تەڤینەوەی کەسەکان خۆیان Minibuss ،BMW ،Opelئۆتۆمبیلی وەک
بەگیانی خۆیانەوە ئەنجام دەدرێ. ئەو خەڵکانەی کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن TNTئەویش بە بە رێژەێکی زۆری خەڵکی ناوچەکە نیین، ئەگەر خەڵکی ناوچەکەش بن ئەوا لە چینێکی تایبەتی خەڵکەکەن کە یان کەسێکیان کاتی خۆی بەدەست لایەنێکی کوردی کوژراوە، یان لە رابردوو کێشەێکیان لەگەڵ ێکێ لەلایەنە کۆردستانێکان هەبووە، وەیان کەسانێکن کە تێکەڵ بە ێکێ لە لاییەنە ئیسلامێکانی ناو کوردستان بوون کاتی خۆی و لەبەر بییری توندرەویان لێان جیابوونەتەوە.
ئەنجامدانی کارێکی تیرووروستی لەوجۆرەی لەکوردستان ئەنجام دەدرێت، ناکرێ کەسانێک نەخشەو پیلانی بۆ دابرێژن ئەگەر شارەزایێکی تەواویان لەسەر ئەو شار و ناوچانە نەبێت کە کارەکەی تیا ئەنجام دەدەن. پێش ئەنجامدانی کارەکانشیان پێویستیان بە کۆنترۆل کردنی ناوچەکە هەیە بۆ ماوەێک بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کارەکەیان بزانن.

لەوەدەچێ کە ئەم گرووپانە بە 3 ستاف کاربکەن، ستافی 1 پیلان دادەرێژێت وە بنکەکانیان لەدەرەوەی ناوچە کوردستانێکانە. ستافی 2 کاری کۆنترۆلکردنی رێگاوبانەکان دەکات، ئەویش بەوەی پێش ئەنجامدانی کارەکان ماوەێک هاتووچۆی نێوان شارە دیاریکراوەکەو بنکەی پیلان دانانەکە دەکەن بۆ دڵنیابوون لە بردن و هاوردنی ئەو ئۆتۆمبیلە مینرێژکراوانە. لەوەش دەچێ دەزانن کە کام لە بنکەی کۆنترۆلەکانی نێوان شارەکان و بنکەی پیلان دانانەکە لاوازەو بەئاسانی دەکرێ ئەو ئۆتۆمبیلانەی پیاتێپەر بکرێت. ستافی 3 کاری لۆجستی ئامادە دەکات بۆ کارە تیرورستێکە، ئەمەش کەسانێکن کە خەڵکی شارەکەن یان لە شارەکە نیشتەجێن و شارەزاێکی تەوایان لەسەر شۆێنی دیاریکردنی تەقینەوەکە هەیە، هەر ئەمانەشن کە سیگناڵی کۆتای دەدەنە بنکەی پیلاندانان بۆ ئەنجامدانی کارەکە.
دیاری کردنی شاری تەقینەوەکە زۆرگرنگە بەلایانەوە، چوونکە دەبێت هاوردنی ئەو ئۆتۆمبیلانە بۆ جێگای تەقینەوەی بێ هیچ کێشەێک ئەنجام بدرێت، بۆیە کارەکانیان لەو ناوچانە ئەنجام دەدەن کە لەرووی جوگرافی و کۆنترۆل کردنەوە لەباربێت. ئەو شارانەی کە عەرەبی هاوردەی تیایە باشترین جێگایە بۆ ئەنجامدانی کارەکە یان کردنی بە بنکەی لاوەکی پێش ئەنجامدانی کارەکانیان. شارێکی وەک کەرکوک کە بە دەیەها هازار پیاوی بەعسی کۆنی تیانیشتەجێ کراوە باشترین بنکەی پێش ئەنجامدانی کارەکانییانە، پاشان ئەو ناوچانە عەرەبیانەی کە لە ناوچە کوردستانێکانەوە نزیکن.
لەوەدەچێت کە بنکەی کۆنترۆل کردنی نێوان شارەکانی هەولێر یان کەرکوک لەگەڵ بنکەی هاوردنی ئەو ئۆتۆمبیلانە لەرووی شارەزایەوە زۆر لاوازبێت، ئەو کەسانەی لەو بنکانە کاردەکەن شارەزاێکی ئەوتۆیان لە کارەکانیان نەبێت، یان کەم ترخەمێکی زۆر لە جۆری کارەکانیان هەیە. کارمەندانی بنکەی کۆنترۆلەکان لەرووی زمانەوانیەوە زۆر نەشارەزان و تواناێکی ئەوتۆیان نیە لەسەر جۆری زاراوە جیاوازەکانی زمانی عەرەبی، یان لەرووی خۆێندنەوە ئاستێکی نزمیان هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەی چەند جارێک لەماوەێکی کورت هاتوچۆی نێوان ئەو شارانە دەکەن، یان کەسانێکن خۆش باوەر، بێتەرخەم یان بەرتیلخۆر.
تەقینەوەکانی رابردووی کوردستان بەتایبەت ئەوانەی هەولێر، سلێمانی، کەرکەک، لەم داویەش تەقوینەوە دەڵتەزێنەکی شاری خانەقین لە شارە کوردستانێکانی تەعریب کراو، یان ئەو ناوچانەی نزیکن لە کوردستانەوە هەموو ئامادەکارێکی بۆ دەکرێ . ئەو ناوچانەش بوە بە لانەی لایەنگیرانی ئیسلامیە تەندرەوەکان، خەڵکەکەشی لەباری کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە کۆنسەرڤەتییڤن (پارێزگارن) و باری ئابووری و ئاسایشیان خراپترە.
دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی کارە تیرووروستێکان بەلای تیرووروستانەوە زۆرگرنگە، ئەم گرووپانە کاتێ کارەکانیان ئەنجام دەدەن کە هێزە کوردستانێکان چالاکێکی سیاسی زۆریان بەدەستەوەیە، یان پێش رووداوە سیاسێکانی گەورەی ناو عیراق کە کورد هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر دەدات، وەک لە کاتی هەڵبژاردن ودەنگدانەکان، وەیان سەرانی کۆرد خەریکی دۆست پەیداکردنی زیاترن بۆ گۆرانکارێکانی ناوعیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. تیرووروستان لەرێگای ئەم کارانەوە دەیانەوێ فشار بخەنە سەر لایەنێ کوردی بۆ پیاچوونەوە لە سیاسەتەکانیان یان بۆ تۆقاندنی خەڵکی کوردە لە هەر بەشدارێک کە پەیوەندی بە دوارۆی کوردستان یان عیراقەوە هەبێت.

ئەم لایەنانە کورد بە گەورەتریین مەترسی بۆخۆیان و بیروبۆچوونیان دەزانن، چوونکە کورد نەک تەنها چالاکانە بەشداری لە پیلانی گۆرانکاریێکانی پێش وپاش رووخانی بەعس دەکات و کردووە، بەڵکو وەک هێزێکی سەرەکی بۆ بنیادنانی سیستێمێکی سیاسی علمانی کاردەکات بەرامبەر هەموو لایەنە ئیسلامێکانی تر، کەئەمەش دژ بەهەموو ئەو بۆچوونە سیاسی و فکریەی ئەو لایانانەیە. کورد وەک هاوپەیمانێکی گەورەی ئەمریکا لە عیراق و ناوچەکە بە چاوێکی ترس و گۆمانەوە چاوی لێدەکرێت و بە نۆکەری رۆژئاواو و دوژمنی ئیسلام لەقەڵەم دەدرێ لەلایەن ئیسلامیە توندرەوەکان و ناسیونالیستە شۆڤینزمەکان، کورد بە هەرەشە بۆ هەموو ناوچەکە چاولێدەکەن، کە بە بیرِی ئەوان تەنها هێزێکە کە پیلانەکانی ئەمریکاو رۆژئاوا جێبەجێ دەکات لەناوچەکە.

مەحاڵە گرووپی الزرقاوی یان القاعده بتوانێ ئەو کارانە ئەنجام بدات بێ هاوکارێکی زۆر وگەورەی بەعسیە کۆنەکان، چوونکە کاری لەوجۆرە پێویستی بە شارەزای تەواوی جوگرافی و کۆمەڵایەتی ناو عیراق و کوردستان هەیە. دەبێ پێش هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مانگی رابردوو خۆمان بۆ تەقینەوەی داهاتووی کوردستان ئامادەبکەیەن

Shah. wahab@gmail. com